لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# هەڵەیەک خەریکبوو پیاوێک لە زیندان بئاخنێ!!

ئا: باوکی میدیا



**ڕێکەوتێکی ناخۆش**

(پێشکەوت) قەت ڕێی نەکەوتبوو بە بنکەی پۆلیس و دادگا و ئەو شوێنانە، وەکو ئەمجارە نەبێ، کابرا بۆ کارێکی خۆی دەچێتە بنکەیەکی پۆلیس، کارەکەشی کارێکی کارگێڕی بوو، بەڵام سروشتی کارەکەی وابوو، هەر دەبوو لە ڕێگەی پۆلیسەوە بێ، ئەوە بوو ئەوانیش بۆ ئەرشیفی دادگایەکی دەنێرن، لەوێ کارەکەی بۆ تەواو دەکەن و بە نووسراوێکی فەرمی کە لەناو زەرفێکی کاغەزی دەنێن و بە ختمێك دایدەخەن. ئەویش لەسەر نییەتی خۆی، نووسراوە پێچراوەکە دەباتەوە بنکەی پۆلیس و دەیداتە دەست ئەو ڕێپێدراوەی کە داوای نووسراوەکەی لێکردبوو، ئەویش نووسراوەکە دەکاتەوە و بە وردی دەیخوێنێتەوە، ماوەیەك لە نووسراوەکە رادەمێنێت و دووبارە سەیری ناوەڕۆکەکەی دەکاتەوە و لەگەڵ ناسنامەی (پێشکەوت) بەراوردی دەکاتەوە و پاشان سەیرێکی دەموچاوی (پێشکەوت) دەکاتەوە، ئینجا لێی دەپرسێتەوە کە ئایا ئەو ناوەی کە لەناو ناسنامەکەدا نووسراوە هی خۆیەتی یان هی کەسێکی ترە...؟ پێشکەوتیش بەسەرسوڕمانەوە لەو پرسیارە سەیرەی ڕێپێدراوەکەی پۆلیس دەڕوانێ و پێشی دەڵێ: کاکە جوانی تەماشا بکە، خۆ وێنەکەم دەبینی، ئەوە ختمیشی لەسەرە ناوی تەواویشم نووسراوە، ڕێپێدراوەکە گوتی: لێرە دانیشە ئێستا دێمەوە، چووە لای ئەفسەری بنکە و پێی گوت: گەورەم ئەگەر بە بیرت بێت کابرایەك چەندساڵێك پێش ئێستا تاوانێکی کوشتنی کردبوو، پاش دەستگیرکردن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵی و دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوەکان کە پەراوەکەی ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند کرا لەوێ حوکمی هەتا هەتایی بۆ دەرچوو. ئێستاکە هەمان کەس مامەڵەیەکی هێناوەتە بنکەکەمان و لێرە ئامادە بووە، دیارە دەبێ لە زیندان هەڵاتبێ و وا تێگەیشتبێت کە ناوەکەی ناناسینەوە، ئەفسەرەکە لە قسەی کارمەندەکەی خۆی زۆر سەری سوڕما، بۆیە داوای هێنانی پەڕاوی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کرد کە پێش چەند ساڵێك لەگەڵ ئەم تاوانبارە کراوە، هەر ئەو کاتەش بڕیاری دا کابرای گومانلێکراو واتە (پێشکەوت) لەناو بنەکەکە بەشێوەیەکی کاتی لە ژووری ڕاگیراواندا بەند بکرێت تا مەسەلەکە یەکلایی دەبێتەوە.

**چارەنووسی گومانلێکراو بەچی گەیشت؟**

**دوای دەستگیرکردنی پێشکەوت ئەفسەری**

**بنکــە بەخــۆی بەبایەخــەوە دەســتیکرد بــە لێکۆڵینەوە لــەم مەســەلەیە، بەڵام با (پێشکەوت) بە خۆی بەسەرهاتی بەندکردنی خۆی بگێڕێتــەوە. (پێشــکەوت) گوتی:**
بەڕاســتی ئەو رۆژەی کە بــۆ تەواوکردنی مامەڵەیەکی بازرگانی خۆم دەبوو (ئەستۆی پاکانــە) بێنم وەکو بەڵگە بــۆ تەواوکردنی مامەڵەکەم بیبەمە بنکەی پۆلیس، تووشــی سەرئێشــەیەکی زۆر و گرفتارییەکــی بێ مانا بووم، کــە بەڵگەکەم هێنایەوە، هێندەی پێنەچوو، کابــرای رێپێــدراوی پۆلیس لە ژوورێکی کــردم و گوتــی: لێکۆڵینەوەت لەگەڵ دەکەین و تۆ گومانلێکراوی، منیش ســەرم سوڕما و دەمم بووە تەڵەی تەقیو، لە حەژمەتان دەمم بەستراو هیچم پێنەدەگوترا، ئــەو رۆژ رۆژێکی تا بڵێی گەرم و وشــك بــوو، لەبەدبەختی منیش ئــەو ژوورەی کە لێی راگیرام، یا راســتتر وایە بڵێم لێی بەند کرام لە پانکەیەکی شڕ و شەق زیاتر هیچی تــری لێ نەبوو، کە تەنیــا گوژمە بایەکی گەرمــی وشــکی بڵاودەکــردەوە، تەنانەت کەس نەبوو قومە ئاوێکی ساردیشت بداتێ، دوو کاتژمێــری رەبەقــی پێچوو، کەســێك نەهــات بڵێ کاکە ئەرێ تــۆ چیت کردووە و چ تاوانێکــت هەیە، خەریك بوو مێشــکم بتەقێ. بەرێکەوت کاکی ئەفســەری بنکە لە ژوورەکەی خۆی هاتە دەرەوە و دەیویســت بچێتە ژوورێکی تر، منیش دەســت بەســەر شیشــە بچووکەکانە و دەرگا بچووکەکەیەوە کە تاکــە کونی هاتنی رۆشــنایی بوو بۆ ژوورەکە، کە چاوم پێکەوت هاوارم لێ هەڵسا و پێمگوت: ئــەرێ کاکە ئێوە بە چ هەقێك منتان لــەم ژوورە پەســتاوە؟ ئەرێ من بۆ تەواوکردنی مامەڵەیەکی ئاسایی هاتوومەتە ئێــرە، یان ئێوە لەم ژوورەم بکەن؟ خەریکبوو قســەی تریش بکەم، ئەفسەرەکە بانگی دوو پۆلیس و رێپێدراوێکی کــرد و پێی گوتن: وەرن ئەو بــرادەرە بهێننــە دەرەوە لەو ژوورە گەرمە، ئەوانیش منیــان دەرهێناو بردمیانە ژوورە فێنکەکەی کاکی ئەفسەر، بانگی کرد هەندێك ئاوی ســاردم بۆ بێنن. نزیکەی نیو دۆلکە ئاوی ساردم خواردەوە وردە وردە ئێش وئازاری گەرمای ژوورەکەم لەســەر کەمتر دەبۆوە، ئەفســەرەکە زانی کە چەند نارەحەت و دڵبەبارم بۆیە پێی گوتم: تۆزێك پشوو بدە و دوای کەمێك قســەت لەگەڵ دەکەمەوە، بڕێکــی تریش ئاوی ســاردیان دامێ و بە تەواوەتــی گەرمای لەشــم دەرچوو، لە ژێر فێنکایی ئامێری فێنککەرەوە تەواو پشــووم دا، بەڵام لە رووی دەروونییەوە زۆر نیگەران و دڵگران بووم، کە بۆچی و لەســەرچی لەو ژوورەیان کردم، ئاخۆ دەبێ چیم کردبێ؟ خۆم من هیچم بەخۆم دا شك نایە، چەندی سەرم دێناو سەرم دەبرد، هیچم بۆ روون نەدەبۆوە و لە هیچیش حاڵی نەدەبووم، بە کورتییەکەی شــتێکم نەکردبوو تا لەخۆم بترسم و ترسم لە گیران و بەندیخانە و دادگا و دادگاییکردن هەبێ، من لەو خەیاڵات و تێفکرینانە بووم کە ئەفسەرەکە هاتەوە ژوورەوە و کۆڵێك پێکەنی و سەیری منیشی دەکرد و سەری دەلەقاند، لەگەڵ هاتنــە ژوورەوەی ئەو رێپێدراوە، ئەو کەســەی کە یەکەمجار پرسیاری لێکردم و تەماشــایەکی ئەویشــی کرد و پێی گوت، وەڵڵا تۆش ئیشــت هەیە!! پاشان ئەفسەرەکە رووی لە من کرد و گوتی: کاك پێشــکەوت بەراســتی هەڵەیەکــی هونــەری روویداوە دەمەوێ بەڕاشــکاوی پێت بڵێم و بۆت روون بکەمەوە کە تۆ بۆچی ئەو یەك دوو کاتژمێرە لێرە راگیرای، راســتییەکەی چەند ساڵێك پێش ئێســتا رووداوێکی کوشتن روویداوە و بکوژەکەمان دەستگیر کردبوو، ئێمە لێرە هەر لێــرە لەم بنکەیەی خۆمــان لێکۆڵینەوەمان لەگەڵی کرد و پەڕاوەکەشــمان بۆ دادگای تایبەتمەند رەوانە کرد، ئەوە چەند ســاڵێکە وا لــە زیندان دایە و ماوەی مەحکومییەتی خۆی بەسەر دەبات.

کــە رێپێدراوەکەی ئێمــە ناوەکەی تۆی بینی، ســەری سوڕما ناوی تەواوی هەمان ناوی تەواوی ئەوە، تۆشــمان بۆیە راگرت بەراســتی ئێمە گومانمان هەبوو ئەگەر تۆ هەوبیت لەدەســتمان رابکەی بۆ پاراستنی ســەلامەتی لێکۆڵینەوە، لەو ژوورەی ئەولا رامانگرتی، ئەو یەك دوو کاتژمێرەش کە تۆ لێرە راگیراوی ئێمە تەنیا خەریکی ئەو بابەتە بووینــە، ناردوومانە فایلــی کابرا بکوژەکە بێت، ئینجا پەنجە مــۆری تۆمان رەوانەی بەڵگەی تاوان کرد، پاشــان نووسراومان بۆ بەندیخانەی گشــتی کرد بۆ ئەوەی بزانین داخــۆ ئەم ناوە کە رێــك لەناوی تۆ دەچێ بە هی دایکیشــتەوە، لــە زینداندا ماوە یان هەڵاتــووە، ئــەم یــەك دوو کاتژمێرە هەر خەریکی ئەو کێشــەیە بووینــە، تا وەڵامی نووسراوەکانمان دراوەتەوە کە هەمووشمان وەك بروســکە بە پەلە کردووە بۆ ئەوەی نەبادا تۆ ئەو کەســە نەبیت و لە خۆڕایش بگیرێیت، ئەوە بوو لە وەڵامی نووسراوەکاندا هاتووە کە پەنجە مۆرەکە هی تۆ نییە و زیندانییەکەش تا ئێستا هەر لە زیندانە و هەڵنەهاتووە، سەیر لەوەدایە ساڵی لە دایکبوونیشتان هەمان ساڵە و هەمان مانگە، کە ئەفسەرەکە ئەو قسانەی کرد، منیش واقم وڕمابوو، تووشی شاگەشکە ببــووم، گوتم، تووشــی ئەو دەردەســەرییە هاتوومە و بەخۆشــم نەزانیوە کاکە وەڵڵا من نەکەســم کوشتووە و نە بەندیش کراوم و نە لە بەندیخانەش هەڵاتــووم، ئەوە چ گۆبەندێکە بۆ من هاتووە.. ئینجا ئەفســەرەکە گوتی: بۆیە ئەو هەمــوو رێککاریانەم کرد، گوتم با دوو سێ کاتژمێر لە ژوورێکدا بمێنێتەوە، هەم بۆ ئاسایش و ســەلامەتی خۆی و هەمیش بۆ سەلامەتی لێکۆڵینەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر لەم یەك دوو کاتژمێرەدا بگەینە لێکۆڵینەوە و راستییەکان، ئەوە رەنگە لە هەڵەی یاسایش بە دوور بێ و دووچاری هیچ کێشەیەکی گەورە نەبێت، ئێمە ئەم هەموو کارەمان بۆیە کرد بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە بگەینە راســتییەکان و بەهۆی هەڵەوە کەس دووچاری کێشە نەبێت. نەخوازەڵڵا ئەگەر بێ لێکۆڵینەوە هەر لەسەر بنەمای گومانەوە رەوانەی دادگا و شوێنی مەبەستمان بکردیتایە، رەنگە لە ختوخوڕایی بێئاخنرابایتــە کونجی زینــدان و دوور نەبوو لە جیاتی تاوانباری راســتەقینەش حوکمی هەتا هەتاییــت بخواردایــە. بەکورتی ئێمە گومانێکمان لەســەر تۆ لەلا دروســت بوو، ئێســتاش ئەو گومانەمان رەوییەوە و نەما. ئەمەش مامەڵەکەت و زۆریش لێت مەمنوونین و زۆریش داوای لێبوردنت لێ دەکەین.

کاکی ئەفسەر کە قســەکانی تەواو کرد، منیــش دامە قاقای پێکەنین و گوتم: وەڵڵا سەیرە ئەوە بەســەرهاتە کە دەڵێی فیلمێکی سینەماییە، بەسەر خۆم داهات.

چانەبوو تووشی گۆبەندێکی گەورە نەبووم، برام لەوەی کە دوو سێ کاتژمێرتان راگرتم، چ گلەییــم نییە، بــەڵام گلەییم لە بەختی خۆم هەیــە، تێبینیم کــردووە هەر جارێکی ئیشــێك بکەم بە ساغڵەمی و بە بێ غەش، ئاخیرییەکەی تووشی گۆبەندێك دەبم. باشە ئەوە چ رێکەوتێك بوو ناوی من بە ناوی ئەو تاوانبارە بچێ؟ ئــەی کاکی رێپێدراو چۆن دوای ئەوەندە ساڵە ئەو ناوەی بەبیرداهاتەوە. بەهەر حاڵ کە ئیشەکەم تەواو کرد، بڕیارمدا ئیــدی ئەو مامەڵەیەی کە دەســتم دابوێ هەر بەتەواوی دەستی لێهەڵبگرم، بەراستیش لە ترســی ئەوەی نەبادا گۆبەندێکی ترم بۆ دروست بێی و ئەوجارە لێی دەرباز نەبم..

**ئێمە ئەم هەموو کارمان بۆیە کرد، تا بە دڵنیاییەوە بگەینە راستییەکان و بەهۆی هەڵەوە کەس دووچاری کێشە نەبێت**

# گەڕان بــــەدوای چارەسەر

دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆچارەسەرکردنی کێشەکان کاری توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانە بەپلەی یەکەم و بەپلەی دووەمیش کاری راگەیاندنە بۆ گەیاندنی ئەو گرفتە بەتوێژەری یان هەر لایەنێکی پەیوەنـداری دیکە، تا ئەو گرفتەی ئەو تاکــە پێوەی دەناڵێنێــت رزگاری بکات لەدەرهاویشتە خراپەکان، ئاکۆ گەنجێکی زۆر وشیارە لەوەی کەناهێڵێت هەنگاوی خراپ بنێت بەڵکو بیــری لەوەکردۆتەوە توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دەستی بگرێت تاچارەیەك بۆ کێشــەکەی بکات، کاتێك ئاکــۆ پەیوەندی پێوەکــردم گوتی تاکە دەرگا لێی دەدەم گۆڤاری (گــولان)ە، بۆئەوەی بتوانن ئــەو حاڵەتە دەروونیەی تووشی بووم زاڵ بم بەسەریدا، لەسەرەتادا گوێ بیســتی ئاکۆ بووین لەگێڕنەوەی کێشەکەیدا کە دەڵێت:

ئا: ناسك سەعید
سلێمانی

مــن کــوڕی خێزانێکــی دەوڵەمەندم هەمیشــە دایــك وباوکــم وەك هــاوڕێ مامەڵەیان لەگــەڵ کردووم، هەرگیز بیرم نایەت ئــارەزووی شــتێکم کردبێت بۆیان جێبەجێ نەکردبێتم هەمــوو قۆناغەکانی خوێندنــم بەســەرکەوتوویی بەکۆتــا گەیاندووە،بەڵام ئەو کەســەی هاتە ژیانم و هەمــوو ژیانمی گــۆری (ژینۆ)بوو، ژینــۆ کچێکی شــۆخ و شــەنگ بوو، بەهۆی باوکیەوە یەکترمان ناســی،باوکی ژینۆ مامۆستای ئینگلیزی بوو لەپۆلی شەشــی ئامادەییــدا وەك مامۆســتای تایبەتی وانــەی ئینگلیزی پێدەگوتمەوە. رۆژانە یان باوکی ژینۆ دەهات بۆ ماڵمان یان من دەچووم بــۆ ماڵیان، لەئەنجامی ئەم هاتوچۆیەدا کە دەچوومە ماڵی ژینۆ (ژینۆ)م ناســی، ژینۆ زۆر گرنگی پێ دەدام، راســتییەکەی حەزم دەکرد هەموو رۆژێك بچــم بۆ ماڵیان نەك باوکی ژینۆ بێت بۆ ماڵمان، ئەم یەکترناسینە فراوانتر بــوو، بەهۆی ژینــۆوە پەیوەندیم لەگەڵ باوکیدا وەك هاوڕێ لێکرد تەنانەت لەدوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکان هەرهاتوچۆی ماڵیانم دەکرد.

ئــەم یەکتــر ناســینە و پەیوەندییــە هەربــەردەوام بوو تا زانکۆشــم تەواو کرد و تەنانەت وەك مامۆســتا کەداشمەزرام، لەهەمــان کاتــدا ژینــۆ پەیمانــگای پێگەیاندنــی مامۆســتایانی تەواوکرد. پەیوەندی نێوانمان نزیکەی (٧)ساڵ بوو، ماڵەوەمان بەردەوام هانیان دەدام پرۆسەی هاوسەرگیری پێك بهێنم.

منیــش هیچ رێگریەکــم نەبوو بۆ ئەم پرۆســەیە، بۆیە لەگەڵ ژینۆدا قسەم کرد و پێم گوت ماڵەوە بــاس لەوە دەکەن من بیر لە مەســەلەیەکی لەو جۆرە بکەمەوە ژینۆش زۆر پێی خۆش بوو رازی بوو.

لــەدوای تەواوکردنــی مەراســیمی داواکــردن و مارەکردن، ژینۆ گوتی ئاکۆ با ماڵــی جیامان هەبێــت بێگومان من خۆشــمان ئەم نیەتەمان هەبوو، بۆیە هیچ قورس نەبوو بەلامەوە، بەهەرحاڵ دەســتم کرد بەماڵ دروســت کردن تــا ماڵێکی جوانمان پێك هێنا بەڵام ئەوەی بووەمایەی دواخســتنی پرۆســەکەمان هاتنەپێشی قەدەرێك بــوو، ئەویش ئەوە بوو کەبەهۆی رووداوێکــی ئۆتۆمبێلــەوە ئەندامێکی جەستەم لەدەســت داو و روخساریشم زۆر تێکچوو، تەنانەت خوشــکێکم لەو رووداوە کۆچــی دوایــی کــرد، هەرچۆنێك بوو لەگــەڵ ئــازار و نارەحەتییەکاندا راهاتم رووخســارم زۆر گــۆڕا، دوای چەندین نەشتەرگەری جوانکاری لەوڵاتی ئەردەن، هەندێك باشــتربووم، تائێرە هەمووشتەکان لەنێــوان من و ژینۆدا زۆر ئاســایی بوو، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرســورمان بوو، بڕیارێکی ســەیری ژینۆ بوو، رۆژێــك دایکی ژینۆ هات بــۆ ماڵمان، کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بوو، لەدوای دانیشتنی بۆماوەی کاتژمێرێك بابەتێکی سەرنج راکێشی کردەوە و گوتی:ئاکۆ گیان ئەمــە ئەڵقەی ژینۆیە بۆ تۆی ناردۆتەوە ووتویەتــی مــن ناتوانم لەگەڵیــدا بژیم چەندێك قسەمان لەگەڵ کردووە بێ سود بووە، منیش ناچاربــووم بۆتی بهێنمەوە، لەوکاتەدا زمانم لەگۆکردن کەوت



نەمزانی چی بڵێم، تەنانەت رۆژێك پێشتریش هیچ بابەتێك لەو چەشنە باس نەکراوە تا گومانێك بکەم چۆن لەپڕ ئەم بڕیارەی داوە؟

دەست بەجێ پەیوەندیم بەژینۆوەکرد بەبێ وەڵام دانەوە تەلەفۆنەکەی داخستەوە ئیتر ئەمە دوا گفتوگۆی من و ژینۆ بوو، لەکاتی جیابوونەوەشماندا هەرچیەکی گوت لەداگا من هیچ بەرپەرچم نەدەدایەوە و نەمتوانی قسەلەسەر هیچ شتێك بکەم چونکە تێگەیشتم مەسەلەکە لەسەر چی بووە؟

ژینۆ بۆمن هەمموو شتێك بوو تائێستاش هەرلەبیرمدایە و خۆشم ئەوێت ناتوانم لەگەڵ هیچ کەسێکی تردا پرۆسەی هاوسەرگیری بکەم لەکاتێکدا ژینۆ پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامداوە، چەندین جار هەوڵمداوە خۆم بکوژم بەڵام پەشیمان بوومەتەوە، ئێستاش باری دەروونیم زۆرناجێگیرە، کاتێك سەیری وێنەکان دەکەم دەروونم نارەحەتر دەبێت، هۆکاری جیابوونەوەکەمان لەسەر ئەوەبووە کاتێك من بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێلەوە ئەندامێکی جەستەم کە قاچم بوو لەدەست بدەم، ژینۆ گوتبووی من ناتوانم خزمەتی کەسێکی کەم ئەندام بکەم لەوانەیە پاش ماوەیەکی کەم تەندروستی خراپتریش بێت، تازە بۆم دەرکەوت ژینۆ لەبەر جوانی و دەوڵەمەندی بووە کە زەواجی لەگەڵ مندا کردووە، بەڵام ئێستا کە جوانیی جەستەم لەدەستداوە پەشیمان بۆتەوە، منیش بۆ چرکەساتێکیش لەبیرم ناچێت و هەرلەخەیاڵمدایە.

(هۆشیار مەحمود) توێژەری کۆمەڵایەتی سەبارەت بەم بەسەرهاتە دەڵێت: پەیوەندی و راستگۆیی لەنێوان دوو هاوسەردا یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانی خێزان، بەڵام کاتێك حاڵەتێکی لەو چەشنە دەبینیین زۆر ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت هەروا بەئاسانی لەبیری بکات، نمونەیەکی وەکو ئاکۆ پێویستی بەئارام گرتن هەیە، هاوکات نابێت مرۆڤ خۆی بەکەسێك ببەستێتەوە چونکە مرۆڤێکی لەو چەشنە دەکرێت زووتر پشت گوێ بخرێت، بەڕاستی لەژیانی هاوسەریدا نابێ بەهیچ جۆرێك بەرژەوەندی جێگەی بێتەوە، کەسێکیش بۆ بەرژەوەندییەکان پرۆسەی هاوسەرگیری بکات رۆژێك دادێت پرۆسەکە هەرەس بێنێ و هەڵبوەشێتەوە، بەتایبەت کاتێك خواستەکانی هاتنە دی یاخود بەرژەوەندییەکانی جێبەجێ نەبوون، بۆیە بەئاکۆ دەڵێم لەبیرکردنی مرۆڤێکی لەوچەشنە تا زووتر ئەنجامی بدەی هێشتا درەنگە، هەرگیز خۆت بەکەسێکەوە سەرقاڵ مەکە کە تۆی بۆ خۆشیەکانی خۆی بوێت، تۆ گەنجێکی هۆشیاری لەئێستاوە لاپەڕەیەکی نوێ لەژیاندا هەڵبدەرەوە، بەرنامەی جدی بۆ ژیانی ئایندەت دابنێ، ئەو رووداوەی بەسەرتدا هاتووە بۆتە باشترین تاقیکردنەوە بۆ هاوسەرەکەت تا باشتر و زووتر بیناسیت، بەئومێدەوە سەیری ئایندەت بکە، کەم ئەندامی مەکە بەگرفت چەندین کەم ئەندامان بینیوە لەکەسانی ساخ باشتر ژیانی خۆیان بەرێوە دەبەن و کارەکتەری سەرکەوتوون، دەکرێت تۆش یەکێك بیت لەو سەرکەوتووانە.

**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: تۆ گەنجێکی هۆشیاری، لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەوە، بەرنامەی جیددی بۆ ئایندەت دابنێ، ئەوەی بەسەرتۆدا هات تاقیکردنەوەیەکی باش بوو تا زووتر ئەو کچە بناسی، بۆیە بە ئومێدەوە سەیری ئاینده بکە**

# شیلان: دایکم گوناهباری م



لەخێزاندا خۆشەویستی و ڕێزگرتن یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانە، هەمیشە کۆمەڵناسەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەرخێزانێك چەمکی خۆشەویستی تێدا نەما ئەوا چاوەڕێی دەرهاویشتە خراپەکانە و سەرجەمی ئەندامانی خێزان بەرەو هەڵدێر و لادان دەچن، چونکە ئەگەر دووهاسەر وەك کاراکتەری سەرەکی نەیانتوانی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لەپەیوەندییە خۆشەویستیی و لایەنەکانی تر ئەوا ئەو دووکەسە هەوڵ دەدەن لەیەکتر دووربکەونەوە، لەوکاتەشدا منداڵەکان بەپلەی یەکەم باجەکەی ئەدەن و دواتریش خۆیان دەبنە قوربانی کارەکانیان.ئەوەی بەسەر خێزانێکی وەك (شیلان)دا هاتووە نمونەیەکی زیندووی ئەم حاڵەتەیە و لەکۆمەڵگەی خۆماندا بەرجەستەبووە، بەڕاستی بیستنی ئەم ڕووداوانە مرۆڤ توشی شۆك دەکات، چۆن حاڵەتی لەو شێوە ڕوودەدات؟ بەڵام دەبێت بزانین کە ئێمە مرۆڤین بەدەر نابین لەهەڵە بەڵام ئایا ئەمەی شیلان باسی دەکات دەکرێت بڵێین هەڵەبووە؟

باوکی ( شیلان)، لەڕووی ئابوورییەوە پیاوێکی دەست ڕۆیشتووبوو، هەموو پێداویستی خێزانەکەی دابین کردووە، ڕێگەی نەداوە منداڵەکانی هەست بەکەمتەرخەمی بکەن.

شیلان دەڵێت:کاتێك پەیوەندی دایك و باوکم ڕۆژ بەرۆژ بەرەوخراپی و ناخۆشی دەچوو ئێمە زیاتر دڵگران دەبووین، چەندێك هەوڵماندا بۆیەك خستنەوەی هەردووکیان بێ سوود بوو، تاکارگەیشتە ئەوەی کەسوکارەکانمان تەداخول بکەن، کێشەی دایکم و باوکم هەمیشە لەسەر ئەوەبوو، دایکم بەردەوام گلەیی لەباوکم دەکرد بۆچی وەك پێویست گرنگیمان پێنادات و زیاتر کاتەکانی لەسەفەرکردندایە تا لەماڵەوەبێت، باوکم هەموو شتێکی بۆدابین دەکردین، بەڵام لەڕووی سۆز و خۆشەویستییەوە تەنانەت بۆ دایکشم لەئاستێکی گونجاودا نەبوو هەردووکیان خاوەن کەسێتی زۆر تورە و بێ ئارام بوون، لێبوردنیان بۆ یەکتر نەبوو، گوێ بیستی قسەی زۆرناخۆش دەبوین، هەستمان نەدەکرد ئەمە دوو هاوسەرن، هەرچۆن بوو بۆ ئاسودەیی هەردوولایان و دوای چەندین تۆران و شەر بریاری جیابونەوەیاندا بێ ئەوەی گوێ بدەن بەوەی ئێمە دوو خوشك و سێ براین، پێنج منداڵیان کردە قوربانی شەڕی خۆیان.

باوکم دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر جیابوونەوەی لەگەڵ دایکمدا ژنی دووەمی هێنا، ڕۆژێك باوکم گوتی دمەوێ ئێوارە هەموومان ببینم و کارێکی گرنگی پێمانە. باشە قبوڵمان کرد لەگەڵ باوکم، لەدوای نان خواردن باوکم پێی گوتین ئێوەم خۆش دەوێت چونکە منتان هەڵبژاردوو نەچونە لای دایکتان هەرچەندە دایکتان ڕازی نەبوو بچنە لای، من ئەمە بەهەند وەردەگرم، بەڵام خۆتان دەزانن من ئاستی ئابووریم زۆرباشە و لەهەمان کاتدا گەنجیشم پێویستم بەیەکێك هەیە بیکەمەهاوبەشی ژیانم، ڕاتان چیە لەسەر ئەمە؟باوکم تەنها پرسە گورگانی پێکردین، چونکە هەموو شتێکی تەواو کردبوو وویستی ڕاستەوخۆ لەدەمی خۆیەوە بیبیستن نەك خەڵك.

باوکم پێی گوتین کچێکی زۆر منداڵتر لەخۆی هێناوە کە (٢٢) ساڵ لەخۆی منداڵترە کچەکە لەدایکبووی (١٩٨٢)ەو باوکیشم (١٩٦٠).

# ـه‌ینه‌تییه‌کانمانه



به‌لامانه‌وه سه‌یر بوو چونکه براکه‌م له دایکبوون (١٩٨٣) بوو، چۆن باوکم کاری وایکردووه؟ یان چۆن ئه‌و کچه له‌گه‌ڵ باوکمدا زه‌واج ده‌کات؟ کچه‌که ته‌نها بیری له‌ده‌وڵه‌مه‌ندی کردبۆوه و هه‌روه‌ها باوکم به رووخسار زۆر گه‌نج دیاربوو له‌ته‌مه‌نی خۆی، باوکم دوای هه‌فته‌یه‌ك له‌گه‌ڵ ژنه‌که‌یدا چون بۆ تورکیا، ئێمه له‌خه‌فه‌تدا نه‌مان ئه‌زانی چی بکه‌ین؟ به‌ڕاستی ئه‌و کچه‌ی باوکم هێنابووی هه‌تا بڵێی شۆخ و شه‌نگ و جوان بوو، زۆر سه‌رنج راکێش بوو، که‌سێکی زمان شیرین و کۆمه‌ڵایه‌تی بوو، زوو له‌گه‌ڵ ئێمه‌دا تێکه‌ڵ بوو، باوکم زانی به‌و جۆره‌یه داوای کرد له‌ماڵه‌دا له‌گه‌ڵ ئێمه‌دا بژی، ته‌واوی خێزانه‌که‌شمان ئه‌م بریاره‌ی به‌دڵ بوو.

جارێکیان باوکم بڕیاریدا بچێت بۆ وڵاتی چین بۆ کاری بازرگانی، رێده‌که‌وت که (١٥)شه‌و زیاتری پێده‌چوو، شادمانی برام له‌سه‌ره‌تادا زۆر په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ رێزاندا باش به‌ڵام نه‌بوو له‌م دوایه‌دا په‌یوه‌ندیان به‌ره‌و باشی رۆیشت، ته‌نانه‌ت گه‌ر بیویستایه بچێته‌وه بۆ ماڵی باوکی به‌شادمانی ده‌گوت که بیبات.ئه‌م نزیکبوونه‌وه و زمان شیرینیه چه‌ندین مه‌رامی له‌پشته‌وه‌بوو،رێزان به‌مه متمانه‌ی لای هه‌موون دروست کرد، به‌ڵام هه‌میشه خه‌ڵك پێی ده‌گوتین چۆن باوکتان کچێکی ئه‌وا منالی هێناوه، ته‌نانه‌ته له‌وه‌رزی به‌هاردا که ده‌چوین بۆ سه‌یران و ده‌ره‌وه خه‌ڵك وایان ده‌زانی کچی خێزانه‌که‌مانه نه‌ك ژنی باوکم بێت.

رێزان به‌باوکمی گوتبوو که ده‌بێت خانووه‌که‌مان له‌سه‌ر ئه‌و تاپۆ بکات ئه‌گه‌رنا داوای جیابونه‌وه ده‌کات چونکه گوتبووی کاتێك تۆ لێره نابیت منداڵه‌کان هیچ گرنگیه‌که‌م پێنادەن، به‌ڵام که ده‌گه‌رێیته‌وه به‌پێچه‌وانه‌وه‌ن، باوکیشم باوه‌ڕی پێ کردبوو، من راستی ده‌ڵێم چه‌ندێك په‌یوه‌ندیمان له‌گه‌ڵیدا خۆش بوو، به‌ڵام به‌دڵ خۆشمان نه‌ده‌ویست. باوکم به‌بێ ئاگاداری ئێمه خانووه‌که‌ی له‌سه‌ر تاپۆ کردبوو، ده‌بوو زوو بمانزانیبایه که باوکم چۆن ئه‌م کچه هاوسه‌رگیری له‌گه‌ڵدا کردووه ئه‌گه‌ر مه‌رامێك له‌پشتیه‌وه نه‌بێت، له‌لایه‌ك هه‌وڵی ده‌دا خۆی له‌شادمان نزیك بکاته‌وه و په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵدا پته‌و بکات و له‌لایه‌کی تریشه‌وه خانوه‌که‌ی له‌ده‌ست باوکم ده‌رهێنا، رێزان ته‌نها به‌مه نه‌وه‌ستا هه‌وڵی دانانی به‌رنامه‌یه‌کی دابوو که چۆن له‌ماڵه‌که ده‌رمان بکات، ئه‌وه‌بوو که له‌گه‌ڵ شادماندا رۆژێك پاش نیوه‌ڕۆ بوو که باوکم له‌ژووره‌که‌ی شادماندا په‌یوه‌ندییه‌که‌ی ئاشکرا کردن، به‌ڵام به‌داخه‌وه باوکم شادمانی برامی ده‌رکرد و ئیهانه‌ی کرد، به‌ڵام له‌به‌رامبه‌ر ژنه‌که‌یدا هه‌رده‌تگوت نه‌بای دیووه و نه‌باران، گوتمان له‌وانه‌یه ته‌ڵاقی بدات که‌چی له‌جاران زیاتر خۆشی ده‌ویست و گرنگی پێده‌دا.

شادمانی برام ئه‌و رۆیشتنه‌ی که چۆوه ده‌ره‌وه تائێستا نه‌گه‌ڕاوه‌ته‌وه و هه‌رشه‌وه‌ی له‌ماڵێکه، ئێمه‌ش ئێستا زۆر بێزارین له‌م ژیانه‌ی هه‌مانه ده‌مانه‌وێت هه‌مووومان پێکه‌وه بچینه ده‌ره‌وه، به‌ڵام باوکم رێگه نادات، بۆیه ده‌ڵێم گوناهی ئه‌م کارانه له‌ئه‌ستۆی دایکمدایه نه‌ك باوکم، چونکه ئه‌و هۆکاری جیابوونه‌وه‌یان بوو، له‌سه‌ر گرنگی پێنه‌دان و نه‌بوونی خۆشه‌ویستی بوو که‌خێزانه‌که‌مان به‌ره‌و ئه‌و ئاقاره رۆیشت ئه‌مجاره‌ش هه‌مان شت دووباره‌بۆوه، به‌ڵام قورستر و زه‌حمه‌ت تر.

**باوکم هه‌موو شتێکی بۆ دابین کردبووین به‌ڵام له رووی سۆز و خۆشه‌ویستییه‌وه وه‌ک پێویست نه‌بوو، دایکم و باوکم خاوه‌ن که‌سێتییه‌کی توره و توند و بێ ئارام بوون، لێبوردنیان بۆ یه‌کتری نه‌بوو**



لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# بەسەرهاتی ئەو ژنەی هەناسەی لەخۆی بڕی

ئا: باوکی میدیا



**لەبەرنەبوونی بەڵگەی تەواو ئازاد کرا**

دوا رۆژی دادگاییکردن بوو کە کەسوکاری (ژیان) و هەروەها هی (مستەفا) ش لەبەردەم هۆڵی دادگا راوەستابوون چاوەڕێی دوا بڕیاری دادگا بوون، کەسوکاری (ژیان) بە دڵ حەزیان دەکرد کە (مستەفا)ی زاوایان توندترین سزا بدرێت و حوکم بدرێت، چونکە ئەوان مردنی (ژیان)ی کچیان لەنێو چەوانی ئەوەوە دەبینی، (مستەفا) سەبەبکاری یەکەم و دوایی مردنی یان راستتر وایە بڵێین خۆ کوشتنی (ژیان) بوو، لەولاشەوە بە پێچەوانەوە کەسوکاری (مستەفا) بە ئومێدی ئەوە بوون کە (مستەفا) لەم گۆبەندە رزگاری بێت و بۆ یەکجارەکی یەخەیان لە یەخەی ماڵی بوکەکەیان بێتەوە و ئەو کێشەیەیان ببڕێتەوە، هەر دوولایەن قسەیان لە گەڵ یەك نەدەکرد و جارجارەش یەکتریان دەبوغزاند. (مستەفا) دەمێك بوو لەهۆڵی دادگا بوو، پێشتر داواکاری مافی کەسی مردوو کە دایك و باوکی (ژیان) بوون، گوتەیان وەرگیرابوو، ئەگەرچی پارێزەرێکی باشیشیان گرتبوو، بۆ ئەوەی هەرچی لە تواناد بێت بکرێت تا (مستەفا) وەك دەیانگوت بە سزای خۆی بگات، لەملاشەوە ئەوانیش بەهەمان شێوە پارێزەریان گرتبوو بۆ ئەوەی بەرگری لێبکەن و ئەگەر بکرێ بەپێی یاسا ئازادی بکەن. دادگاییکردنەکە پتر لە دوو کاتژمێر و نیوی خایاند، دواجار دادگا بڕیاری

خۆیـــدا بەوەی کە "لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو لە دژی (مستەفا)ی تۆمەتبار بڕیار بـــە ئازادکرنـــی درا.." دوای تەواوبوونی دادگاییکردنەکە کەسوکاری (مستەفا) لە خۆشیان هەر زوو (مستەفا)یان بردە خوارەوە و ئەو ناوەیان بەپەلە بە جێهێشت و ڕۆیشتن. دایـــك و باوك و کەســـوکاری (ژیان) یش بە دڵشکاوی و خەمبارییەوە ناچاربوون ناو دادگا بەجێبهێڵـــن و ملی ڕێگەی ماڵەوە بگرنە بەر، بێ ئومێد بوون لەوەی چیتریان پێبکرێت.

## هۆی خۆلەناوبردنی (ژیان) چی بوو؟

(ســـابیر) کە باوکی ژیان بوو هێشـــتا لەگـــەڵ خێزانەکـــەی نەکەوتبـــوو کە لە پەیژەکاندا بچێتە خوارەوە، لەســـەر ڕۆخی دیوارێکی بە پەنجەرەی ڕارەوەکەی دادگا بە تێکشـــکاوییەوە دانیشتبوو، دڵی پڕ خەم بـــوو، زۆر حـــەزی دەکرد بە باســـکردنی کێشـــەی کچەکەی هەندێك لە ئازارەکانی کەمبکاتەوە، بۆیە کە پرسیاری بەسەرهاتی کچەکەیمان لێکرد بەمشێوەیە هاتە ئاخافتن و گوتـــی: ئـــەوە بۆ چوار ســـاڵە دەچێ کچەکەم شـــووی بەو کابرایـــە کردبوو کە ناوی (مســـتەفا) بـــوو و دادگاش بەبێ گوناهی دانا و زۆر بە ئاســـانی بەرەڵای کرد، من کـــە کچەکەی خـــۆم پێدا، ئەو (مستەفا)یە هیچی نەبوو لە موچەیەکی فەرمانبەری زیاتر، دەشـــمزانی نەخانووی هەیە نە توانای خانووکڕینیشی هەیە، بۆیە هەر لە ســـاڵی یەکەمی هاوسەرێتییانەوە ئێمە یارمەتییەکی زۆریمان دان کە بتوانن خانوویەکـــی بچکۆلانە بکـــڕن و لەناویدا بحەوێنەوە و لە دەردی کرێچیاتی ڕزگاریان بێت، پاشان ســـاڵێك دوانیان ڕابرد وەك ژن و مێردێـــك و منداڵیان نەبوو، ســـەردانی پزیشـــکی تایبەتمەندیان کرد، بەڵام دوایی دەرچوو کە (مســـتەفا) هەر هیچ توانای منداڵ بوونی نییە و هۆکەشیان بۆ هۆکاری زگماکی گەڕاندەوە، ئینجا پاشـــان بۆمان روون بۆوە کە بەڵێ لەناو خێزانەکەشـــیاندا بـــرای دیکەی هەیە هەمان حاڵەتی هەیە، ئەوە بێجگە لە دوو مامی تریشـــی دوای هەشت نۆ ساڵێك ژن و مێردایەتی بە هەزار حاڵ و هەوڵی پزیشکان ئینجا منداڵێك یا دوانیان زیاتر نەبووە، (مستەفا) ش هەمان حاڵەتی هەبوو، ئەوجا لەسەر هەموو دەردو خەمانیش، کابرا لە جیاتی ئەوەی شـــوکور بێت و قـــەدر و ڕێزی ژنەکەی بگرێت کە بەو حاڵەشـــەوە پێی ڕازییە، کەچی دەچوو کاری ناشرین و نابەجێی بەدڕەوشتی دەکرد. هەرچەندە (ژیـــان)ی کچم دڵی لێ پیس نەبوو بوو، بەلام قسە و شتیشی لەملاو ئەولا دەبیســـتەوە، کە پێی دەگوت و ڕووبەڕووی دەبۆوە ئەو بەهەزار سوێند و قورئان خواردن نکوڵـــی لێدەکرد و ڕەتیدەکردەوە. بەم حاڵەوە مانەوە تاوەکو نیوەڕۆیەکی زوو کە هێشـــتا کاتی تەواوبوونـــی دەوامی فەرمانگەکان نەهاتبوو.. پێشـــتر (مســـتەفا) پەیوەندی لەگەڵ هەندێ ئافرەتی لەشـــفرۆش هەبوو چەند جارێکیش بە دزییـــەوە هێنابوونیەوە ماڵـــەوە، بەڵام (ژیان) پێـــی نەزانی بوو، کەچـــی ئەمجارە (ژیان) لـــە ڕۆژانی تر زووتر گەڕایەوە ماڵ، چونکە بەخۆشـــی کلیلێکـــی دەرگای حەوشـــەی ماڵەکەی لابوو، هـــەر ئەمەش بوو کە (مســـتەفا) لێی غافڵ ببوو، دەرگا دەکاتەوە و دەچێتە ماڵەوە و ڕێك بۆ ژووری نووســـتنی خۆیان دەچێـــت کـــە دەرگاکە دەکاتـــەوە دەبینێ (مســـتەفا)ی مێردی بـــە ڕووتی لەگەڵ ئافرەتێکـــی لەشـــفرۆش خەریکی کاری سێکســـین، ئیتر ئەویش خۆی بۆ ناگیرێ دەیکاتە هەڵڵا و دەبێتە شـــەڕیان و قیژە و هەرایان دەگاتە کۆڵانەکەیان، کە (مستەفا) دەزانـــێ تازە (ژیان) کاری لە کار ترازاند، دەکەوێتە ســـەری، بەهەرچی و هەرچۆنێك بێت وەردەگەڕێتە ســـەری و لێی دەدات و هەزار جنێو و قســـەی ناشرین و پیسیشی پێ دەدات...

لەم ناوەدا (مســـتەفا) بەهەر ڕێگەیەك بێت و بە پەلەپەل ئافرەتەکە دەرباز دەکات و لەبەرچاوانی ون دەکات، شـــەڕی ئەمانیش درێژەی دەبێت. (مستەفا)ش دوای ئەوەی لە (ژیان) دەدات و جنێوی پێدەدات یەکسەر ماڵەکە بەجێدێڵێ و دەچێتە دەرەوە، کە ئەو دەڕوات (ژیان) ماوەیەك بە گریان و هەنسك داناوە دادەنیشێ و پاشان لە ژووری نووستن گۆرەوییەکی ئافرەتانە کە وەکو لاستیك وایە دەکێشرێت، تاکە گۆرەوییەکە دێنێ و زۆر بە توندی و خێرایی لە ملی خۆی دەئاڵێنێ و توندتوند شەتەکی دەدات، ئەوەها توند شەتەکی خۆی دەدات کە سەرەتا هەناسەی لەبـــەر دەبـــڕێ هەوڵ دەدات بـــە پەلە لە ملـــی خۆی بکاتـــەوە و شـــلی بکاتەوە، بـــەڵام ناتوانێ و پێی ڕانـــاگات، ئەوە بوو بەهۆیەوە دەخنکێ، کە دەرودراوسێ گوێیان لـــە دەنگ و هەرایان دەبێـــت، حەز دەکەن بچن ناوبژیوانی بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی (مســـتەفا) دژی ناوبژیوانی هەرکەسێك بوو، بۆیە ئەو کاتەی کە ئەو لەماڵ دەبێ ناچنـــە ماڵیان. بەڵام کە دیتیان ڕۆیشـــت و ماڵی بەجێهێشـــت دەچنە لای (ژیان)، جا کە بـــە ژوور دەکـــەون بانگی (ژیان) دەکـــەن بەڵام کەس وەڵام ناداتەوە، ئەوانیش ژوورەکان دەگەڕێـــن، کـــە دەچنە ژووری نووســـتن دەبینن گۆرەوییەکی لاســـتیکی لە ملی خۆی ئاڵانـــدووە و خنکاوە. ئیتر پەیوەندی بە پۆلیســـەوە دەکەن و ئەوانیش دوای ماوەیەکـــی کـــەم دێنـــە ماڵەکە و پشکنین و لێکۆڵینەوەی خۆیان دەستپێدەکەن و لـــە ڕێگەی هاوکاری دراوسێکانیشـــەوە پەیوەندی بە (مستەفا) وە دەکەن و ئەویش دەگەڕێتەوە، کە ڕووداوەکە دەبینێ دەســـت دەکات بـــە گریان و ڕژاندنی فرمێســـکی تیسماحانە. بەڵام پۆلیسیەکان دوای ئەوەی هەنـــدێ زانیاری لەســـەر شـــەڕەکەیان و هۆی ناکۆکییەکەیان لە خەڵکەکەی ئەوێ وەردەگرن، (مســـتەفا) دەستگیر دەکەن و پاشان ڕەوانەی بەندیخانەی گشتی دەکەن، دوای مانگ و نیوێك مانەوە لە بەندیخانە بە کەفالەت ئازاد دەکرێت. ئەمڕۆکەش دوا ڕۆژی دادگایی کردنی بوو، لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو ئازاد کرا و خوێنی کچەکەی ئێمـــەش بە فیڕۆ چـــوو، ئینجا دوای ئەو قسانەی کاك (ســـابیر)ی باوکی (ژیان) حەزمان کرد لەســـەر زاری خوشکیشی کە ناوی (ســـۆزان) بوو، هەندێ زانیاری تر وەربگرین.

(سۆزان) لەو بارەیەوە گوتی: خوشکەکەم بەداخـــەوە لەبەر پیاوێکی وا ناپاك و داوێن پیس خۆی کوشت، من تەنیا خەفەت لەوە دەخۆم و گلەیی و گازاندە لە خوشکە جوانە مەرگەکـــەم دەکەم و دەڵێم: باشـــە مێردی ئاوا چییە تـــۆ خۆتی بۆ بکوژی، کە ئەو شـــتەت لێدیت بهاتبایتەوە و پاشان داوای جیابوونەوەت بکردایە و هەموو مافەکانیشت مســـۆگەر دەبوو. ئەویش ئەوســـا سەری دەدا لەبەردی ئەلحەد، چونکە بەراســـتی جێگەی ئەسەفە ژنێکی وا جوان و جاحێڵ لەبەر شـــتێکی وەها خۆی بکوژێ. سەیر لەوەدایـــە دادگاش کە حوکمی ئازادکردنی دا لەبەر ئەوەی وەك پارێزەرەکەمان گوتی: ئەو ژنە خۆی کـــــوشتووە ئەویش دەوری نەبووە لەو خۆکوشـــتنە کە، بۆیە بڕیاری ئازادکردنیان داوە.

**دوای ئەوەی هەندێ زانیارییان دەربارەی شەڕەکەیان و هۆی ناکۆکیان لە خەڵکەکەی ئەوێ وەرگرت، (مستەفا) دەستگیر دەکەن و ڕەوانەی بەندیخانەی گشتی دەکەن**



# توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەکەمبوونەوەدایە

ئا: ئەوین



توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەهەموو شێوە و جۆرەکانییەوە وەك ماکینەیەکی بێ رەحم سالانە رۆحی سەدان ئافرەت دەدورێنێتەوە، لە چەند ساڵی رابردوودا وێڕای هەموارکردنی یاساکان و هەندێ رێککاری دیکەی ئیداری و یاسایی و هەوڵەکانی میدیا و رێکخراوەکان لە بواری هۆشیارکردنەوەدا، کەچی رێژەی تاوانەکانی دژ بە ئافرەت لە زیاندبووندا بوون، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ماوەیەکە رێژەی ئەو جۆرە توندوتیژییە رووە و کەمبوونەوە و خاوبوونەوە چووە، ئەو راستییەش بە پێی داتاو زمانی ژمارەکانە کە هەر چوار مانگ جارێك لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان رادەگەیەندرێ.

(فلامینا وەحید فەخری) سەرپەرشتیاری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، باسی لە ژمارە و رێژەی کوشتنی ئافرەتان و داڵدەدانیان لەلایەن باوك و براو مێرد و کەس و کاریانەوە کرد، هەروەها تیشکی خستە سەر حاڵەتەکانی سووتاندن و خۆکوشتنیش لەگەڵ رزگارکردنی هەندێ لە ئافرەتە هەڕەشە لێکراوەکان و داڵدەدانیان، هەروەها گوتیشی ئەم ئامارەی لە چوار مانگی رابردوو بە بەراورد کردنی بە پارساڵ خوارەوە بە ژمارە کەمبوونەوەی توندوتیژی لە ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و گەرمیان دەردەخات.

**✱ کوشتن:**

-١ هەولێر: رێژەی کوشتن لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩ ژمارەی ئافرەتانی کوژراو لە شێوازەکانی (خۆکوشتن، سوتاندن، خنکاندن، کوشتنی بە ئەنقەست، (١٠)ئافرەت بو، بەڵام بە هەمان شێوازەکانی خۆکوشتن لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٨ ژمارەیان (١٦) ئافرەت بوە

-٢ سلێمانی و گەریمان: لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩ رێژەی کوشتنی ئافرەتان بە هەموو شێوازەکانی (خۆ کوشتن، خۆ خنکاندن، کوشتن بە ئەنقەست) ژمارەیان (٨) ئافرەت بوو، بەڵام لەماوەی چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٨ بەهەمان شێوازی کوشتن ژمارەیان ( ٩) ئافرەت بوو

-٣ دهۆك: لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩ رێژەی کوشتنی ئافرەتان بە هەمان شێوازەکانی کوشتنی پێشوو ژمارەیان(٤) ئافرەت بووە، بەڵام لە چوارمانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ ژمارەیان (٧) ئافرەت بووە.

**✱ سوتان:**

-١ هەولێر: لەچوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩ رێژەی سوتانی ئافرەت بەشێوازەکانی (ئەنقەست، قەزاو قەدەر) ژمارەیان (٥٥) ئافرەت بووە، بەڵام لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٨ ژمارەیان (٦٢) ئافرەت بووە.

-٢ سلێمانی و گەرمیان : لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩ رێژەی سوتان بە هەردوو شێوازی (ئەنقەست، قەزاو قەدەر) ژمارەیان (٨٩) ئافرەت بووە، بەڵام لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٨ بەهەمان شێوازی سوتان ژمارەیان( ٥٧) ئافرەت بووە.

-٣دهۆك: لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩ رێژەی سوتانی ئافرەت بەهەردوو شێوازی پێشوو ژمارەیان لەم سنوورەدا (٢٨) ئافرەت بووە، بەڵام لەسنووری هەمان پارێزگا لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٨ ژمارەیان (١٢) ئافرەت بووە، خۆیان سوتاندووە.

**✱ دۆسیەو سکاڵاکان:**

-١ هەولێر: لەماوەی چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩ (٤١٥) سکاڵا تۆمار کراون، بەڵام لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٨ (١٩٥) سکاڵا تۆمار کراوەو پاش لێکۆڵینەوە چارەنوسیان یەکلایی کردۆتەوە.

-٢ سلێمانی: لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩ (٤٧٧) سکاڵا لەلایەن ئافرەتانەوە تۆمار کراوە، بەڵام لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٨ لە سنوری هەمان پارێزگا(٢٧٦) سکاڵا تۆمار کراوە.

-٣ دهۆك:لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩(١٢٢)سکالا لە لایەن ئافرەتانەوە تۆمار کراوە بەلام لە چوار مانگی یەکەمی سالی ٢٠٠٨(٥١)سکالا لە لایەن ئافرەتانەوە تۆمارکراوە

* ڕەوشی ئافرەتە داڵدە دراوەکان:

١- هەولێر: لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩(٦٣) ئافرەت لە ژێر هەڕەشەی کەس و کاریان لە سەنتەری (نەوا) ی تایبەت پارێزگاریان لێ کراوە

٢- سلێمانی: لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩ (٣٤) ئافرەت لە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە (ژنان) لە ژێر هەڕەشەی کەس و کاریان پارێزراون.

٣- دهۆک: لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩ (٣٣) ئافرەت لە سەنتەری تایبەت بە داڵدەدانی ئافرەتان لە ژێر هەڕەشەی کەس و کاریان پارێزراون، لەگەڵ ئەمانەشدا ڕەوشی ئافرەتە داڵدە دراوەکان نزیکەی لە ٪٨٩ کێشەکانیان چارەسەر کراوەو ئەوانی تریش لەژێر لێکۆڵینەوەدان بۆ چارەسەرکردنیان و گەڕانەوەیان بۆ نێو ماڵ و خێزانەکانیان.

* هەولێر و زانیاریەکانی تر دەربارەی کوشتن:

وەک دەرکەوتووە لە ٪٨٢ ئافرەتانی کوژراو تەمەنیان لە نێوان (١٤-٣٠) ساڵیدایە و لە ٪١٨ ئافرەتانی تریش تەمەنیان لەنێوان (٣٠-٦٠) ساڵیدایە، واتە ٪٧٣ ئافرەتانی کوژراو شویان کردووە لە ٪٢٧ شویان نەکردووە و لە ٪٣٦ تاوانباران و تۆمەتباران خوێندەوار بوونە لە ٪٦٤ نەخوێندەوار بوونە، وەک دەرکەوتووە لە ٪١٨ ئافرەتان لەلایەن مێردەکانیان کوژراون لە ٪٢٧ لەلایەن کەس و کاریان کوژراون لە ٪٩ لەدەرەوەی خێزانیانەوە کوژراون لە ٪٤٦ لەلایەن کەسانی نادیارەوە کوژراون وە، لە ٪٢٧ ئافرەتانی کوژراو باری ئابووریان باش بووە و لە ٪٣٦ باری ئابووریان خراپ بووە.

* دەربارەی سوتان :

وەک لە لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە لە ٪٥٣ ئافرەتان بە قەزاو قەدەر سوتاون لە ٪٤٢ خۆیان سوتاندووە لە ٪٥ هۆکارەکەی دیار نییە، ٪٦٦ تەمەنیان لە نێوان(١٤-٣٠) ساڵیدا بووە لە ٪٢٥ ئەو ئافرەتانەی سوتاون تەمەنیان لە نێوان (٣٠-٦٠) ساڵدا بووە لە ٪٩ هۆکارەکەی نەزاندراوە بۆچی سوتاوە لە ٪٥٩ ئافرەتەکان شویان کردووە لە ٪٣٦ شویان نەکردووە، لە ٪٥ش نەزاندراوە، وە پلەی خوێندەواری سوتاوەکان ٪٥٨ بووەو لە ٪٤٢ نەخوێندەوار بوونە، دەرکەوتووە، لەکۆی ئافرەتانی سوتاو لە ٪٤٢ باری ئابووریان باشە لە ٪٤٤ ئابووریان مامناوەندە ٪٩ ئابووریان خراپە ٪٥ ئابووریان نەزاندراوە.

* تۆماری سکاڵاکان:

لە ٪٤٤ ئافرەتانی سکاڵاکار تەمەنیان لەنێوان (١٤-٣٠) ساڵیدا بووە لە ٪٥٦ تەمەنیان لە نێوان (٣٠-٦٠) ساڵ بووە، واتە لە ٪٨٢ ئافرەتان شویان کردووە لە ٪١٨ شویان نەکردووە، لە ٪٥٢ ئافرەتانی سکاڵاکار خوێندەوارن لە ٪٤٨ ئافرەتانی سکاڵاکار نەخوێندەوارن ڕێژەیەکی زۆری سکاڵاکانیش دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی نێوان ژن و مێرد، ڕێژەیەکی زۆری سکاڵاکارانیش باری ئابووریان باشەو خوێندەوارن، وە بە ڕێژەی ٪٨٣ سکاڵاکانیش یەکلایی کراونەتەوە .

* ئەشکەنجەدان:

لە ٪٦٢ ئافرەتانی ئەشکەنجە دراو تەمەنیان لە نێوان (١٤-٣٠) ساڵی دایە وە لە ٪٣٦ ئافرەتانی ئەشکەنجەدراو لە نێوان (٣٠-٦٠) ساڵی دایە، واتە ٪١٥ شویان کردووە لە ٪١٥ شویان نەکردووە، لە ٪٤٤ نەخوێندەوارن و لە ٪٥٦ خوێندەوارن، هۆکاری سەرەکی ئەشکەنجەدانەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی خێزانی و کەس و کار، باری ئابووریان مامناوەندو لە ٪٥٣ خوێندەوارن و لە ٪٤٧ ئافرەتانی ئەشکەنجە دراو نەخوێندەوارن، لە ٪٤١ کێشەی ئافرەتانی ئەشکەنجەدراو بەیاسا چارەسەرکراوەو لە ٪٥٩ لێکۆڵینەوە بەردەوامە.

* توندوتیژی سێکسی:

لە ٪٨٠ی ئەوانەی توندوتیژی سێکسیان بەرامبەر کراوە لەنێوان تەمەنی (١٤-٣٠) ساڵی دان لە ٪٢٠ش لەنێوان (٣٠-٦٠) ساڵی دان لە ٪٥٠ ئافرەتان شویان کردووە لە ٪٥٠ شویان نەکردووە، لەکۆی ئەو توندوتیژییە سێکسیانەش لە ٪٥٠ شویان کردووە لەکۆی ئەو توندوتیژیە سێکسیانەش لە ٪٥٠ لەلایەن خێزانەکەی خۆیانەوە بەرامبەریان کراوە، لە ٪٩٥ لەلایەن کەسانی دەرەوەی خێزانەکانیانەوە بەرامبەریان ئەنجام دراوە، لە ٪٧٥ تۆمەتباران خوێندەوارن و لە ٪٢٥ نەخوێندەوارن، لە ٪٣٥ ئەوانەی توندوتیژی سێکسیان بەرامبەر کراوە باری ئابووریان باشەو لە ٪٤٥ش مامناوەندە، لە ٪٢٠ ئابوورییان خراپە، زۆربەی دۆسیەکانیش چارەسەرکراوە.

* شاری سلێمانی:

بەرێژەی ٪٧١ ئافرەتان کێشەکانیان چارەسەرکراوەو لە ٪٢٩ش لەژێر لێکۆڵینەوە دایە بەپێی لێکۆڵینەوەکانی شاری سلێمانی (٢) ئافرەت بە هەڵە کوژراون و (٣) ئافرەت خۆیان کوشتووەو (٢) خۆیان خنکاندووەو (٢) ئافرەت کوژراوەو (١٢) حاڵەتی خۆسوتان هەبووە، (٦٣) حاڵەتی سوتان هەبووەو(٨) ئافرەت خۆیان دەرمان خواردکردووەو(١٣٦) ئافرەت هەڕەشەیان لێکراوەو (١٢٧) ئافرەت لێیان دراوەو، (٢١) ئافرەتیش بەدەرەوەشتیان لەگەڵدا کراوە، کۆی گشتی لەشاری سلێمانی لەم چوار مانگەدا (٣٩١) ئافرەت توندوتیژیان بەرامبەر کراوەو کوژراون و سوتاون

* دەڤەری گەرمیان:

بەپێی لێکۆڵینەوەی ڕاپۆرتەکانی دەڤەری گەرمیان لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩ (٢١) حاڵەتی لێدان هەبووە، (٧٥) دەرمان خواردن و (٥) حاڵەتی تر ئافرەتان هەڕەشەیان لێکراوەو (٧) ئافرەت سوتاون و (٢) ئافرەت ڕفێندراون و(١) ئافرەت خۆی خنکاندووەو چەندین توندوتیژی تر.

وە لە ٪٢١ ئافرەتانی سکاڵاکاری گەرمیان بەهۆی کێشەی خێزانی و ٪٢٩ش لەدەرەوەی ماڵەکانیان و ٪٤٠ بەرامبەر مێردەکانیان سکاڵایان تۆمارکردووە.


* دهۆک:

لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٩ (١٢٢) ئافرەت بەهۆی سوتاون و خۆ خنکاندن و خۆ کوشتن و کوشتن کۆکراوەتەوە واتە لە ٪٣١ ئافرەتانی سکاڵاکار بەهۆی کێشەی خێزانی و ٪٣٩ ئافرەتانی سکاڵاکار بەهۆی کێشەی دەرەوەی خێزانیان و لە ٪٤٠ ئافرەتانی سکاڵاکار بەهۆی کێشەی مێردەکانیان تۆماریان کردووە.

**لە سلێمانی لەم جوارمانگەدا ٣٩١ ئافرەت توندوتیژییان بەرامبەرکراوە**

**لە ٤ مانگی یەکەم لە هەولێر بەراورد، کوشتن لە ١٦ ئافرەت بۆ ١٠ ئافرەت کەمبووە**



# لە چاوەڕوانی حوکمی دادگادا...

## کێ تاوانباری ڕاستەقینەیە؟



ئا: خەندە گۆران

هەندێ کەس لە پەنای خۆشەویستی دەیانەوێت، نرخ و بەهای ئافرەت بشێوێنن و تووشی گرفت و کارەساتی گەورەی بکەن.

(سروە) کچێکی تا بڵێی جوان و ڕەوشتی بەرزبوو، باڵایەك مامناوەند و ڕەنگێکی گەنمی و قژێکی خوڕمایی و تەمەنی (٢٦) ساڵان دەبوو پۆلی شەشی ئامادەیی تەواو دەکات و ناوی لە یەکێك لە کۆلیژەکان دەردەچێت، بەڵام کۆنمرەی ئامانجی ئەو کۆلیژەی ناهێنێتەدی کە ئەو ئومێدی بوو، بۆیە ناچێتە ئەو کۆلیژە و بڕیار دەدات لە فەرمانگەیەك وەکو فەرمانبەر خۆی دابمەزرێنێت و کاربکات، پاش هاتووچۆیەکی زۆر لە فەرمانگەیەك دادەمەزرێت، هەر چەندە لە ماوەی ئەو شەش حەوت مانگەی تەمەنی فەرمانبەریەتی تووشی داواکاری زۆر لە کوڕان ببووەوە، بەڵام هەموویانی ڕەتکردبووەوە، چونکە بڕیاریدا بوو ژیانی هاوسەرێتی لەسەر بنەمایی خۆشەویستی پێك نەهێنێ، هەر کوڕێکی بچێتە دڵ و بزانێ ڕێکوپێك و ڕەوشت بەرزە بڕیاردەدات شووی پێ بکات و ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵی پێك دەهێنێت، بەڵام بەداخەوە لەو ماوەیە کەسێکی وای ڕێکەوت نەکرد ئەوەی ئەو لە خەیاڵی خۆیدا وێنای کردبوو، ئەوە بوو ڕۆژێك کوڕێکی گەنجی قۆز بۆ کارەکەی ڕێگای دەکەوێتە ئەو فەرمانگەیەی کە(سروە)ی لێ فەرمانبەر دەبێت وا ڕێك دەکەوێت کارەکەی لای (سروە) دەبێت کە چاوی بە(سروە) دەکەوێت زۆر پێی سەرسام دەبێ، بۆیە ڕۆژانە بە بەردەوامی بە ئیش و بێ ئیش سەردانی ئەو فەرمانگەیە دەکات، بەو هیوای چاوی بە(سروە) بکەوێت و بە هەر شێوەیەك بێت بتوانێت قسەی لەگەڵدا بکات،تا پەیوەندی لەگەڵ دابمەزرێنێت، کوڕەکە ڕۆژێك ئۆقرەی نامێنێ و ئەم داوایە لە(سروە) دەکات، کە گوایە کوڕێکی بە ئەخڵاقە و لە خانەوادەیەکی دەڵەمەند و بەناوبانگە و ئەو زۆر لە مێژە بە دوای کچێکی وا ڕەوشت بەرز و بە ئەخلاق دا دەگەڕێت تا ئەوەی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ پێك بهێنی ئێستاش ئەو کچەی دۆزیوەتەوە داوا لە(سروە) دەکات کە ئەگەر پێی رازییە و شووی پێدەکات، ئەوا ئامادەیە بێت بۆ داوای، بەڵام دەڵێت پێویستە سەرەتا پێکەوە دانیشین و قسە لەسەر هەندێ شت بکەین، بەمجۆرە(سروە) رازی دەکات کەوا قسەی لەگەڵدا بکات و پەیوەندی لە نێوانیان دروست دەبێ، بەڵام دوای چەند مانگێك لە پەیوەندی ئیدی کوت و پڕ ئەو پەیوەندییە نێوان دەپچڕێ و بەرەو لاوازی دەچێت ئەویش بەهۆی ئەو پیلانەی کە ئەم کوڕە بەنهێنی بۆ(سروە)ی داڕێژتبوو، ئەویش کاتێ دەچنە شوێنی دیارەکی بۆ قسەکردن لەسەر ژیانی داهاتوو یان ئەم کوڕە چەند داوایەکی سەیر و بەدڕەوشتی لە (سروە) دەکات، (سروە)ش کە گوێی لەم قسانە دەبێت دوو تف دەکاتە چاوی ئەم کوڕە و هەر زوو هەڵدەستێ و ئەم شوێن بەجێ دەهێڵێت و بە کوڕەش دەڵێت لەم ساتەوە نەدەمناسی و نەدەت ناسم دیارە بۆ بەم فڕو فێڵە دەتەوێ من فریو بدەی و ئابرووم ببەی من ئامادەم خۆم بکوژم بەڵام هەرگیز ئامادەنیم سەری خۆم شۆڕبکەم لەو ساتەوە پەیوەندی نێوانیان دەپچڕێ، بەڵام کوڕە هەر بەوەندە واز ناهێنێت، بۆیە ئەمجارەیان بە پیلانێکی نوێ و دێتەوە و پەیوەندی بە(سروە) دەکاتەوە(سروە) ئامادەنابێت موبایلەکەی هەڵگرێت و گوێی لێ رابگرێت کوڕە بۆ ڕۆژی دواتر دەچێتە شوێنی کارەکەی و دەست بە پاڕانەوە و لێبوردن دەکات و دەڵێت:

من نیازم ئەوە نەبووە کە تۆ تێگەیشتووی نیازێکی پاکم هەبووە و بە تکا و نزا و پاڕانەوە داوای لێ دەکات کە ماوەی پێ بدات ئەگەر هەڵەی کرد بێت چاکی بکاتەوە، بەڵام(سروە) هەر سوور دەبێت لەسەر بڕیاری خۆی ، کوڕە هەوڵ زۆری لەگەڵدەدات دواجار(سروە) قەناعەتی پێدەکات و پەیوەندییان نوێ دەبێتەوە، بەمەرجێ، نێوانیان لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی بێت و جارێکی دیکە گوێی لەمجۆرە قسانە نەبێت، بەمجۆرە پەیوەندی نێوانیان یاسایی دەبێتەوە و (سروە)بە دڵێکی پاك و بێگەردەوە متمانەی پێدەدات ئەم کوڕەش بە هەڵسوکەوت وا خۆی نیشاندەدات کەوا کوڕێکی ڕێکوپێك و ڕەوشت بەرزە بەڵام لە ڕاستیدا وا نەبوو بە هەموو هێزی خۆی، هەوڵی داڕشتن پیلانی خۆی بووە(سروەش) لەم پیلانەبێ ئاگابوو، ئەوەبوو بەبۆنەی ئاشت بوونەوەیان ئەم کوڕە دەعوەتی نان خواردنی دەکات و دوای نانخواردن داوای لێ دەکات پیاسەیەك بۆ دەرەوەی شاربکەن، کە لە شار دوور دەکەونەوە لە ڕێگا لا دەدات بۆ شوێنێکی دوور لە ئاوەدانی (سروە) کە هەست بەنیازخراپی کوڕە دەکات دەست دەکات بە هاوارکردن، بەڵام ئەو دەمانچەکەی لەسەر سەری دادەنێت و دەڵێت هەر قسەیەك بکەیت دەتکوژم و لێرە دەتنێژم و دەڵێت دەزانی من تۆم بۆ هێناوەتە ئێرە بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆم من ئەوە چەند لە دوای تۆم ئەو نیازەم هەبوو ئۆقرەم نەماوە ئێستاش بە ئارەزووی خۆت بێ یان بە زۆر دەبێ لەگەڵت رابوێرم، بەمجۆرە بە زۆر دەستدرێژی دەکاتە سەر بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیان دەمانچەکە دەکەوێتە دەست(سروە) ئەویش بە فرسەتی دەزانێ داخی خۆی پێ دادەڕێژێت و سێ چوار گوللەی لێ دەدات و کوڕەکە هەر لەوێ گیانی دەردەچێت، خەڵکی ئەو دەورووبەرە لێیان کۆدەبنەوە و هەواڵی پۆلیس دەدەن، (سروە) دەستگیر دەکرێت ئێستا (سروە) لە بەندیخانە چاوەڕوانی حوکمی دادگا دەکات.

# کۆمەڵگەی تەندروست
# بەرهەمی سیاسەتی کۆمەڵایەتی دروستە



ئەگەر لەهەرێمی کوردستان باس لەدارِشتنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی بکەین دوور لەهێڵە گشتییەکانی کارکردن لەو بوارە، ناشێ کۆپی سیاسەتی دەوڵەتێکی وەك بەریتانیا یان کەنەدا یان سوێد لەعێراق و هەرێمی کوردستان دووبارە بکەینەوە و هەوڵی جێبەجێکردنی بدەین، لەهەمانکاتدا بەحوکمی ئەوەی ئێمە باسە لەکۆمەڵگە و لایەنی کۆمەڵایەتی دەکەین، دەبێ ددان بەوەش دابنێین کە کۆمەڵگەی کوردی لەرِووی پێکهاتە و عاداتەوە جیاوازە لەکۆمەڵگەی عێراقی عەرەبی، هەروەها پرسی ئەمن و ئاسایشیش هەمدیس جیاوازی بەهەردوو کۆمەڵگە دەبەخشێ، لێرەدا دەڵێین سیاسەتی کۆمەڵایەتی پلانێکی گشتگیر و هەمەلایەنە، دوور لە زروفی کۆمەڵایەتی، زروفە سیاسی و ئەمنی و ئابووری و پەروەردەییەکان تەداخولیان لەگەڵ هەیە.

گەورەسۆسیۆلۆلژیستوئابووریناسی ناودار (ماك کۆلێر) لەکتێبی (لایەنە ئابوورییەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی) دەربارەی ئەو پرسە دەڵێت: وابەستەیی و تێکەهەڵکێشێك لەنێوان سیاسەتی کۆمەڵایەتی و پرسە سیاسییەکاندا هەیە، ئایدیۆلۆژیای حزبە حوکمرِانەکان راستەوخۆ کار لەو سیاسەتە دەکات، ئامانجی سەرەکیش دۆزینەوەی چارەسەرییە بۆ ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان، (کۆلێر) بۆ روونکردنەوەی زیاتر دەڵێت: کۆمەڵە راستییەك هەیە کە نەك هەر گرنگە، بەڵکو دەبێ رەچاویش بکرێن ئەوانیش.

- سیاسەتی سۆسیۆلۆژی سیاسەتێکی رەمەکی بێ بەرنامە نییە کە تەنیا بەشێوەیەکی کرداری جێبەجێبکرێ بەڵکو پلانێکی ئەقڵانی مەحکەمە کە جۆری کێشەکان و میکانیزمی چارەسەرکردنیان دیاری دەکات.

- نابێ بەهیچ شێوەیەك لێکجیاکردنەوە لەنێوان سیاسەتی کۆمەڵایەتی و هەندێ لەئاریشەکانی کۆمەڵگە بکەین، واتە سیاسەتەکە تەنیا بۆ چارەسەکردنی چەند گرفتێکی دیاریکراو دابرِێژرێ و ئەوانی دیکە پشتگوێبخات.

- تونس یەك لەو وڵاتە رۆژهەڵاتیانەیە کە تەجرەبەیەکی سەرکەوتووی لەم بوارە هەیەتی لەوێدا، بیمەی کۆمەڵایەتی و سیستمی پارێزی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی زۆر چالاکە، ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان، رێژەیان کەمترە، ساڵانێکی زۆرە ئافرەتێك بەبیانووی نامووس پارێزی نەکوژراوە، تەجرەبەی تونس وێرای جەخت کردنی لەسەر یاسای دروست لەو بوارەدا هاودەم بەهۆی سیستەم و سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، توانیوویەتی وێنەیەکی جوانی رەوشی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی نیشانی دنیا بدات.

سۆسیۆلۆژیست و بیرمەندانی بواری کۆمەڵناسی پێیانوایە هەر سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی پێویستە کار بۆ هێنانەدی چەند ئامانجێکی گشتی بکات و لەچەند خاڵێکدا کۆیان بکاتەوە ئەوانیش:

- تێرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ لەخۆراك و شوێنی نیشتەجێبوون و خوێندن و کارکردن.

- پەرەپێدان بەتواناکانیان و دەرگە والاکردن بۆ زیاتر لە بژارێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

-دەستەبەرکردنی هەلی کارکردنی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیان لەپێناو هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

- رێگە خۆشکردن لەبەردەم تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و رەشکردنەوەی تەواوی شێوەکانی جیاکاریی.

- دوا خاڵی گرنگ، بەشدارپێکردنی هاووڵاتیان و پسپۆرِ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە لەدارِشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتییدا.

**ماناى يەكەمى سياسەتى كۆمەڵايەتى بريتيە لەخزمەتگوزاريە كۆمەڵايەتيەكان و رژێمى كۆمەڵايەتى كە دەوڵەت خێر و خۆشى و يارمەتيدانى هاووڵاتيان دەگرێتە ئەستۆى خۆى**

پرۆفیسۆر بیڵ ئارمەر ئوستادی سۆسیۆلۆژی و سیاسەتی کۆمەڵایەتیی لەزانکۆی لیدس- بەریتانیا بۆ گوڵان:

# سیاسەتی کۆمەڵایەتی ویژدانی سیاسەتە



**پرۆفیسۆر، بیڵ ئارمەر ئوستادی سۆشیۆلۆژی و سیاسەتی کۆمەڵایەتیە و وانەبێژە لەزانکۆی لیدس لەبەریتانیا (University of Leeds). ناوبراو تائێستا چەندان دیراسە و لێکۆڵینەوەی پڕبایەخی لەبواری سیاسەتی کۆمەڵایەتی ئەنجامداوە. لەتوێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیدا پتر گرنگی بە نایەکسانی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی داوە، بەتایبەتیش جیاکاریی و نایەکسانییە چینایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا. پرۆفیسۆر ئارمەر، لە دیمانەیەکی گوڵاندا بەمشێوەیە دید و تێڕوانینەکانی خۆی خستەڕوو.**

*** بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی کۆمەڵایەتی چی دەگەیەنێ؟ لەچ بازنە و چوارچێوەیەکدا جێبەجێ دەکرێت؟**

- سیاسەتی کۆمەڵایەتی دوو مانای فراوان لەخۆ دەگرێت، یەکەم و گرنگترینیان بریتییە لەبواری جێبەجێکردنی سیاسەت لەلایەن دەسەڵاتێکی هەرێمی یان نیشتمانی (زۆربەی کات حکومەت) کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ و بەمەبەستی کاریگەری لەسەر ژیانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا دەکات. مانای دووەمی بریتیە لە بواری ئەکادیمی، کە ئەو بابەتەی تێدا دەخوێندرێت، بە شێوەیەکی وردتر لەپرسەکانی پەیوەست بە هەقیانەت (یەکسانی) دەکۆڵێتەوە. لەبنچینەدا لەساڵانی ١٩٥٠ لەبەریتانیا، سیاسەتی کۆمەڵایەتیی ئەکادیمی بەپرسە ئابووریەکانەوە خەریك بوو، بەتایبەتی هەژاری و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی. لەم دواییە ئەو بابەتە فراوان بووە و بوارەکانی جێندەر و کەمئەندامی و جیاکاریی ئایینی و نەتەوەیی لەخۆ گرتووە.

سیاسەتی کۆمەڵایەتی وەك هەر شێوەیەکی تری سیاسەت، تەنها لەحاڵەتێکدا دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت کە کەسی دەسەڵات، رێکخراو یان چینێك توانای هەبێت ویستی خۆی بەسەر بێ دەسەڵات بسەپێنێت. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەنگە سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەسیستمی دیموکراسی و ئایینی یان دیکتاتۆریشدا بوونی هەبێت.

*** ئایا هەر کۆمەڵێك بەپێی ئەو قۆناخە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی پێویستی بەسیاسەتێکی کۆمەڵایەتی تایبەت نییە، بەواتایەکی دیکە ناکرێ سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر، یان بۆ نموونە تەجرەبەی وڵاتێکی وەك ئەمەریکا لەعێراق و هەرێمی کوردستان بچەسپێنین؟**

- من وەك خۆم زانیاریەکی زۆر وردم لەسەر عێراق و کوردستانی عێراق نییە، بەڵام دەزانم مێژوویەکی درێژ لەکێشە و ناکۆکی لەو هەرێمەدا هەیە. ئەم مێژووەش مەسەلەکان ئاڵۆز دەکات، چونکە دوو ئاستی سیاسەتی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بوون. یەکێکیان بریتیە لەپرسی گشتیی باسکردنی نایەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی (زیاتر هەژاری)، ئەوی تریش پرسێکی وردترە کە بریتیە لەبەرەوپێشبردن و پشتگیریکردنی یەکێتی و پێکەوەگونجانی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی کە باکگراوندی جیا لە یەکتریان هەیە بەئاشتی لەو کۆمەڵگایە پێکەوە بژین. بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردستانی عێراق بەرەوسەقامگیری و هەقیانەت بڕواتە پێش دەبێت هەردوو بوارەکە پەرەی پێبدرێت. من بە بڕوای خۆم پێموانییە مۆدێلێکی نموونەیی سیاسەتی کۆمەڵایەتی هەبێت بۆ ئەوەی لەجیهاندا پەیرەوبکرێت. وەك چۆن تاکەکان بەها و بڕوای جیاوازیان هەیە، کۆمەڵگاکانیش هەر بەو شێوەیەن. من مێژوو قەناعەتی پێکردووم کە هەر هەوڵێك بۆ چەسپاندنی بەها دەرەکیەکان (بیانیەکان) لە کۆمەڵگایەکی تردا بەتەواوی شکست دەهێنێت. چەندین نموونەش بۆ ئەمە هەیە – ژێردەستە کردنی ئەفریقا لە لایەن ئەوروپا یەك لەم نموونانەیە – گومانیشم نییە کە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەندین نموونەی تر دەبینن. یەکخستن و نەهێشتنی جیاوازی کۆمەڵایەتی بە زەبر و هێز ناچەسپێت، ئەمەش وانەیەکی گرنگە کە لە خوێندنی ئەکادیمیی سیاسەتی کۆمەڵایەتی فێری دەبیت.

*** بەڕای ئێوە تەدەخولی دەوڵەت لەڕێکخستنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری تاچەند سیاسەتێکی سەرکەوتووە، بەتایبەت لەکۆمەڵگەیەکی وەك ئێمە (کۆمەڵگەی کوردستانی)؟**

- هەر لەسەرەتای لەدایکبوونی بیری دەوڵەتی نەتەوە، رۆڵی یەکەم و گرنگی دەوڵەت بریتی بووە لەدابینکردنی ئاسایش و پارێزی بۆ هاووڵاتیەکانی. ئەو راستیە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام بیری 'هاووڵاتیبوون' بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەرداهاتووە و پەرەی سەندووە. لە بنچینەدا هاووڵاتی کەسێك بوو خاوەن مافی تایبەتی خۆی بوو و هەندێ مافی هەبوو کە دانیشتوانەکانی تر نەیانبوو، بەڵام هەندێ ئەرکی تریان لەسەر بوو وەك دانی باج و چەك هەڵگرتن. هەرچەندە تا ئەمڕۆش بەتەواوی لەسەر پێناسەکان ڕێکنەکەوتوون، بەڵام تەوژمی گشتیی زاراوەکە بریتیە لە پلەوپایەی یەکسان کە هەموان هەمان ماف و ئەرکیان هەبێت. ئەم یەکسانیی پلەوپایە توخمی سەرەتایی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی ئەکادیمیە و بەشێکی زۆر گرنگی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی کردەنی یان (سیاسییە).

*** بەڕای ئێوە باشتر نییە ئەو ڕێکخستنە بۆ کەرتی تایبەت و میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی بەجێبهێڵدرێ؟**

- ئەم پرسیارە بە تەواوی سیاسییە، نە من و نە هیچ کەسێکی تریش ناتوانێت شێوازە دروستەکەی دەستنیشانبکات. هەروەها جیاوازیەکی زۆریش لەنێوان بوارەکانی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، هەرچەندە لەپراکتیکدا زۆر لەیەکتر نزیکن. بەبۆچوونی من، پێموانییە دەبێت میدیا ڕۆڵی لەڕێکخستنی سیاسەتدا هەبێت. بەدڵنیاییەوە رۆڵی گرنگیان لەناوبژیوانی کردنی نێوان و حاکم و مەحکومدا هەیە، لەلایەك بە ئاشکراکردنی سیاسەتەکان و لەلایەکی ترەوە بڵاوکردنەوە و راپۆرتکردنی کاردانەوەکان. پێموایە بەمشێوەیە دەتوانن دەنگی خەڵك بەگوێی سەرکردەکان بگەیەنن، بەڵام بەڕای من ئەگەر میدیا لەمە زیاتر بکات ئەوا ترسی ئەوەی لێدەکرێت ببێت بە ئۆرگانی پروپاگەندە کردن.

کەرتی تایبەت ئەجێندای خۆپەرستانەی خۆی هەیە. بێگومان من ئەو کەرتە بەئامانجی دابینکردنی قازانج بۆ خاوەندار و هاوبەشی کۆمپانیا دەبەستمەوە (هەرچەندە ڕەنگە هەندێ وڵات بەشێوەیەکی جیاواز لەو زاراوەیە بگەن). دەشزانم زۆر دەستکەوتی کۆمەڵایەتی لەکەرتی تایبەتەوە سەرچاوەی گرتووە، بەتایبەتی باشبوونی باری نیشتەجێبوون کە پەیوەستە بە بازرگان و پیشەسازانی بەریتانیا لە سەدەی نۆزدەم، جگەلەوەش ڕەخساندنی کار لەلایەن کەرتی تایبەتەوە هۆکارێکی سەلمێندراوە بۆ پەیداکردنی داهات کە دواتر لەڕێگەی مووچەوە بۆ تاکەکان و لە ڕێگەی باجەوە بۆ دەوڵەت دەگوازرێتەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کەرتی تایبەت لە چەوساندنەوە و بەکارهێنانی چینی کرێکار بۆ سودی خۆ دەستی هەبووە. بەبڕوای من پڕۆژەی کەرتی تایبەت گرنگی خۆی هەیە، بەڵام لەمەسەلەی سیاسەتی کۆمەڵایەتیدا دەبێت ئەو کەرتە لە لایەن حکومەتەوە ڕێکبخرێت. لێرەدا حکومەت رۆڵی دەبێت.

کۆمەڵگەی مەدەنی هەندێ جار زاراوەیەکی ناڕوونە. لە جیهانێکی نموونەییدا (خەیاڵی) (عالم مپالی)، بەدڵنیاییەوە لەوەی کارڵ مارکسدا، دەبێت دەوڵەت بوونی نامێنێت و کۆمەڵگەی مەدەنی هاوئاواز بێت و خۆی خۆی ڕێکبخات. بە بڕوای من ئەو بۆچوونە بریتیە لەپشتگوێ خستنی ئەو شتەی ئێمە دەربارەی سروشتی مرۆڤ دەیزانین. بەلای من

**پێموانییە مۆدێلێکی نموونەیی سیاسەتی کۆمەڵایەتی هەبێت تا لەجیهاندا پێڕەوبکرێت**

مەترسیی ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی بە سەرپشك و دادوەر بەسەر سیاسەتی کۆمەڵایەتی دابنرێت ئەوەیە بەهێزەکان بەسەر بێ هێزەکان زاڵ دەبن. بەمەش یەکسانی ناو کۆمەڵگا کەمتر دەبێت وەك لەوەی زیاتر ببێت. دووبارە دەیڵێمەوە لێرەشدا حکومەت ڕۆڵی سەرەکی هەیە.

*** سۆسیۆلۆژیست و و ئابووریناسی ناودار (فرانك کولێر) لەکتێبەکەی (بوارە ئابوورییەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی) جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە سیاسەتی کۆمەڵایەتی تێکەڵاوییەکی بەهێزی لەگەڵ سیاسەت و بواری ئابووری هەیە، ئێوە چۆن لەو بیردۆزەی (کۆلێر) دەڕوانن، ئایا لەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا تاچەند قابیلی جێبەجێکردنە؟**

- سیاسەتی کۆمەڵایەتی پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ سیاسەتدا هەیە. لەڕووی ئەکادیمیەوە پێموایە سیاسەتی کۆمەڵایەتی ویژدانی سیاسەتە، فشار دەخاتە سەر سیاسەتمەداران تاوەکو بۆ کۆمەڵگایەکی یەکسانتر و گشتگرتر کار بکەن. لەڕووی کردەنیەوە، وەك پێشتر باسم کرد، سیاسەتی کۆمەڵایەتی ڕێگەیەکە کە سیاسەتمەداران بەهۆیەوە لەکۆمەڵگایەکی دیموکراسی دەنگی خەڵك بەدەستدەهێنن، یان هەوڵی نەهێشتنی نائارامی و پشێوی لە جۆرە کۆمەڵگایەکی تردا دەدەن. لە کۆمەڵگایەکی نموونەییدا، سیاسەتمەداران بەرژەوەندی خۆیان فەرامۆش دەکەن و کار بۆ باشترکردنی بارودۆخی هەمووان دەکەن. هیچ کەس لە ئێمە تا ئێستا لە وەها جیهانێکدا نەژیاوە.

لەهەمانکاتدا ئەگەر سیاسەتی کۆمەڵایەتی بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و نایەکسانی بێت، ئەوا ئابووریش گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە. ئابووریەکی لاواز مانای ئەوەیە حکومەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیان تواناکانی سنووردارە. ئەگەر سامانی نیشتمانی کەم بێت، ئەوا ئاشکرایە بەشی هاووڵاتیان کەم دەبێت. ڕەنگە لە لاوازی ئابووری خراپتر بریتی بێت لە ناجێگیری ئابووری. ئەگەر حکومەت نەتوانێت بەتەواوی پێشبینی داهاتی خۆی بکات، ئەوکاتە ناتوانێت سیاسەتی راستەقینە و بەرهەمهێنەر دابڕێژێت. خراپترین سیناریۆش ئەو کاتەیە کە حکومەت سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیی فراوان و گرانبەها نەخشە بکێشێت و پێشنیاز بکات و هیوا ببەخشێتە خەڵك، ئینجا دواتر بۆی دەرکەوێت کە ناتوانێت بەهۆی کێشەی ئابووری بەڵێنەکانی بهێنێتەدی. دڵنیا نیم کە ئەو تێبینیانە وەك بیردۆز هەژماربکرێت. بەڵام پێموایە هەندێ وانە هەن کە بۆ هەموو کۆمەڵگایەك بەکاردێت. تەنانەت کاتێك کێشەی کۆمەڵایەتیی گەورەش هەبێت، پێویستە ئەوانەی لەسەر دەسەڵاتن لەگەڵ خەڵکەکەیان دڵسۆز بن. نهێنیبازی دەبێتە هۆی دروستبوونی گومان و، گەشبینیی بێ بنەما هیوای تێکشاو و نارەزایی لێ دەکەوێتەوە. لێرەدا ئەوەی پێویستە بریتیە لەدەستنیشانکردنی (ئەولەویات) لەسیاسەتی کۆمەڵایەتی، بەڵام دواتر بە ئاشکرا ئەنجامە ئابووریەکانی ئەو سیاسەتانە ڕوون بکرێتەوە.

بەشێوەیەکی فراوانتر، گرنگە حکومەت لەکاتێکدا کە دەبێت ئەولەویەتی یەکەمی پاراستنی هاووڵاتیان و ئاگاداربوون لەپێویستیەکانی خەڵکی هەژار و پەراوێزخراو بێت، بڕواشی بەوە هەبێت کە تەنها لەچوارچێوەی ئابوورییەکی پتەو و جێگیر دەتوانێت سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکانی جێبەجێ بکات. ڕەنگە سیاسەتی ئابووری بەبێ سیاسەتی کۆمەڵایەتی بەردەوامی بە بوونی بدات، بەڵام سیاسەتی کۆمەڵایەتی بەبێ باکگراوندێکی ئابووریی جێگیر ناتوانرێت بە سەرکەوتوویی و بەردەوامی جێبەجێ بکرێت.

*** دەبێ نێوەندە کۆمەڵایەتییەکان، سەنتەر و ڕێکخراو و خانەکان چ ڕۆڵ و هەڵوێستێکیان هەبێ لەکۆمەڵایەتیدا، ئایا دەوڵەت چۆن دەتوانێ بواری بەشداریکردنیان لەبەردەم بڕەخسێنێ؟**

- زۆر دڵنیا نیم کە مەبەست لە نێوەندی کۆمەڵایەتی و سەنتەر و ڕێکخراوەکان چییە، بەڵام وای دادەنێم مەبەستت هەر ئەو سێکتەری خێرخوازی و خۆبەخشانە یان کەرتی سێیەمە کە لەسیاسەتی کۆمەڵایەتی بەریتانیادا بوونیان هەیە. ئەمەش پەیوەندی بە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ڕێکخراوی گەورە و بچووك هەیە. ڕەنگە ئەو ڕێکخراوانە ئایینی یان عەلمانی بن، بەڵام سیفەتی هاوبەشیان ئەوەیە کە هەم بێ بەرامبەر کار دەکەن و هەمیش ناحکومین. بوونیان بۆ پەرەپێدان و پشتگیری کردنی "بەرژەوەندیی گشتی"ە.

بێگومان لەو ٣٠ ساڵەی دوایی ئەو کەرتە لە بەریتانیا لەلایەن حکومەتەوە پەرەی پێدراوە و چەندین لایەنی سودبەخشی هەیە. لە ڕووی ئابووریەوە ڕێگەیەکی باش و شیاوە بۆ بەکارهێنانی پارەی گشتی و تایبەتی بۆ ئەوەی پەرە بەخۆشگوزەرانیی گشتی و پەروەردە و نیشتەجێبوون بدرێت، جگە لەوە بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و نایەکسانیەکانی تر. گرنگیەکی تریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە بە ڕێگەیەك دادەنرێت بۆ بەشداری پێکردنی خەڵك لەئاستی ناوچەیی لەبڕیاردان و هاندانیان بۆئەوەی هەڵوێستی خۆپەرستانە بەرامبەر کەسانی تر کەم بکەنەوە. هەروەها ئەو کەرتە بە ئاژانسێکی گرنگ دادەنرێت لە پەرەپێدانی یەکێتی و پێکەوەگونجانی کۆمەڵایەتی، بەم کارەش هەستی بوون بە تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە لای ئەو کەسانە زیاد دەکات کە هەست دەکەن پەراوێزخراون.

دەستنیشانکردنی ئەو هەڵوێستانەی کە دەبێت ڕێکخراوەکان بینوێنن کارێکی زەحمەتە. وەك سەرەتایەك ئەو ڕێکخراوانە زۆربەی کات پشت بە ئومێد و چاوەڕوانیە کولتووریەکان دەبەستن کە لەکۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە. زۆربەی ڕێکخراوەکان لەبەریتانیا کار و چالاکیەکانیان بە دوو ئاراستە ئەنجام دەدەن، لەلایەك ڕاستەوخۆ خزمەتگوزاری بۆ خاوەن پێویستیەکان دابین دەکەن، لەلایەکی ترەوە هانی حکومەت دەدەن و ڕازی دەکەن بۆئەوەی گۆڕانکاری لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی بێنێتە کایەوە.

دەوڵەت دەتوانێت کارئاسانی بۆ کارەکانی کەرتی سێیەم بە چەند ڕێگەیەك بکات. یەکەم، دەتوانێت بودجەی ڕاستەوخۆیان پێبدات بۆئەوەی بتوانن کار بکەن و خزمەتگوزاری دابین بکەن. دووەم، دەتوانێت ئەو چوارچێوە یاساییە زامن بکات کە ڕێکخراوەکان بتوانن سەرکەوتووانە کار بکەن. سێیەم، دەوڵەت دەتوانێت گفتوگۆی نێوان کەرتی سێیەم و دارێژەرانی سیاسەت ڕێکبخات بۆ ئەوەی دوو سەرچاوەی هاوبەشی زانیاری دروست ببێت. چوارەم، پێویستە دەوڵەت گوێ لەڕەخنە و ێشنیار و بۆچوونەکان بگرێت و ئامادەبێت بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکات.

*** بارودۆخی کۆمەڵگەی عێراقی و بەتایبەتی کوردستانی بەهۆی ساڵانێکی زۆر لەجەنگ و ناسەقامگیری و و ئەو داگیرکاری و وێرانکارییەی بەشێکی زۆر لەگوند و ژێرخانی وڵاتی گرتەوە، بارێکی یەکجار تایبەتی هەیە، کۆمەڵگە لەژێر کاریگەری ئەوەدا ژێرخانێکی لاواز و داتەپیوی کۆمەڵایەتی هەیە، رایەڵەکانی کۆمەڵ تاڕادەیەك رووەو پچڕان چوونە، بەڕای ئێوە ئەرکی دەسەڵات لەداڕشتنی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی تۆکمە چی دەبێ؟ هەر بەهۆی ئەو بارودۆخە گەنجان و ژنان پشکی گەورەیان لە زەرەر و ماڵوێرانی بەرکەوتووە، ڕێژەیەکی بەرچاو لە بێوەژن و گەنجانی بێکار و کۆچکردوو هەن، لەکاتی داڕشتنی هەر سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیدا دەبێ چۆن ئەو بارە راست بکرێتەوە؟**

- سیاسەتی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکی مردوو نییە، ئەوانەی لەیارمەتی دنیایی دوورن، بەڵکو کاری سەرەتایی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکی زیندووە. بەداخەوە ناکۆکیی چەکداری، بەهۆی ڕێژەی مردن لەناو پیاوان، کاریگەری گەورە لەسەر ئافرەت و منداڵ دروستدەکات. ئەو کاریگەریانەش سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئابوورین و پێویستی بەشێوازێکی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی هەمەلایەن هەیە. لێرەدا دووبارە پێویست بە (ئەولەویات) دەکات، یەکەم لایەنیش هەژارییە. لە زۆربەی کۆمەڵگاکان مردن یان نەبوونی مێرد و باوك دەبێتە هۆی هەژاری و ناسەقامگیری بۆ ئەو کەسانەی پشتیان پێ دەبەستن. سیاسەتی کۆمەڵایەتیی کاتی تەنگانە پێویستە خواردن و پارێزگاری دابین بکات بۆ ئەوەی هەلێك بە زیندووەکان بدات تاکو ژیانیان بنیادبنێنەوە.

جەرگ سوتان و لێقەومان دەبێتە هۆی نەخۆشیی سایکۆلۆژی و جەستەیی. چاودێریی تەندروستیی بەکار و لەکاتی خۆیدا لەڕووی سیاسی و مرۆڤایەتیەوە گرنگە. ئەگەر خەڵك فەرامۆشکرا بۆئەوەی ئازار بکێشن و هەستبکەن یارمەتی نادرێن و نەویستراون، ئەوکاتە ڕق و کین و نارەزاییەکی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەمەش کاری بنیادنانی کۆمەڵگایەکی جێگیر و سەقامگیر زەحمەت دەکات.

جگە لەو پێویستیانە، پێویست بە ئاوادانکردنەوەی سروشتیی ژینگەش دەکات — بۆ نموونە خانوو و قوتابخانە و نەخۆشخانە و خزمەتگوزاریە مەدەنیەکان. زەحمەتترین کار بریتیە لە هەوڵی "ئاسایی کردنەوەی" کۆمەڵگایەك کە ژمارەیەکی زۆر پیاوی نەمابێت و لەدەست چووبێت. ڕەنگە بەربەستی کولتوری هەبێت، بەڵام بەگشتی لەو بارودۆخانەدا ئافرەتان ناچار بوون ڕۆڵێکی چالاکتر ببینن، وەك گەورەی خێزان و کرێکار و مامۆستا. مانەوە و بەردەوامیی ئابووریی خۆیان و منداڵەکانیان هەمیشە پشت بەمە دەبەستێت.

**دەبێت حکومەت بڕوای بەوە هەبێت کە تەنها لەچوارچێوەی ئابوورییەکی پتەو و جێگیر دەتوانێت سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکانی جێبەجێ بکات**

**دابینکردنی پێویستیە ماددیە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگای هەژار پێویستی بەوەیە بەخێرایی بەڕەو نەهێشتنی جیاکاری کۆمەڵایەتی بچیت**